بەشێک لە

كتاب المحنة

ذكر محنة أبي عبد الله أحمد بن محمد بن حنبل الشيباني رضي الله عنه

رواية ابن عمه

أبي علي الشيباني

حنبل بن إسحاق بن حنبل

(ت: ٢٧٣هـ)

عبدالملک الأثري

١٤٤٥ هـ

قال أبو بكر أحمد بن محمد بن هارون

الخلال رحمه الله

• فَجَزَى اللّهُ الْعَظِيمُ أَحْمَدَ بْنَ حَنْبَلٍ عَنّا أَفْضَلَ الْجَزَاءِ، الْمُعَلِّمَ الْمُشْفِقَ، الدّالّ عَلَى مَا يُقَرِّبُ مِنَ اللّهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى مِنَ اتِّبَاعِهِمْ وَذِكْرِهِمْ بِالْجَمِيلِ.

كتاب السنة للخلال



١ - أبو علي حنبل بن إسحاق ئامۆزای ئیمام أحمد ئەڵێت : گوێم لە أبا عبدالله - ئیمام أحمد - بوو باسی میحنەی کرد و وتی : (لە خەودا علي بن عاصم م بینی، جا علي م بە علو (بەرزی) و عاصم م بە عصمة (پارێزراوی) لەلایەن الله ـەوە لێکدایەوە، الحمدلله لەسەر ئەوە) .

: واتە ئیمامی أحمد لە کاتی میحنەکەیدا شێخێکی خۆی بەناوی علي بن عاصم ی بینیوە لە خەودا، جا خەوەکەی بە ناوی شێخەکەی لێکداوەتەوە، وە ئیمام لەم کارەیدا شوێن رسول الله ﷺ کەوتووە، چونکە پێغەمبەریش ﷺ بەو شێوەیە خەوی لێکداوەتەوە وەک چۆن لە صحیح مسلم دا هاتووە .

٢ - حنبل ئەڵێت :

باوکم وتی : پاشان نامەکەی المأمون هات بۆ إسحاق بن إبراهيم بەوەی کە (أحمد بن حنبل و محمد بن نوح بهێنە بۆلام) جا بەسوار حوشترێک دەرچووین و محمد بن نوح لە دوای أبو عبدالله سەرکەوتبوو .

جا پێم گەیشت کە پیاوێک بە أبا عبدالله ی وت : ئەی أبا عبدالله ئەگەر خرایتە بەر شمشێر - واتە بیانەوێت لە ملت بدەن - وەڵامیان ئەدەیتەوە؟ - واتا ئایا ئەڵێیت قورئان مخلوق ە؟ - .

وتی : (نەخێر وەڵام نادەمەوە) .

٣ - حنبل ئەڵێیت :

گوێم لە أبا عبدالله بوو وتی : (هیچ کەسێکم نەبینیوە سەرەڕای کەمی تەمەن و زانستی هێندەی محمد بن نوح بەهێزتر و جێگیرتر بێت لەسەر دینی الله، وە هیوام وایە الله بە چاکە کۆتایی بە ژیانی هێنابێت، ئەو ڕۆژەی کە من و ئەو بەتەنیا بووین پێی وتم : (ئەی أبا عبدالله، الله الله، تۆ وەکو من نیت، وە من وەک تۆ نیم، ئەگەر الله تاقی کردمەوە و وەڵامی ئەوانم دایەوە - واتە ئەگەر وتم قورئان مخلوق ە - ئەوە تۆش بەدوای مندا وا نەڵێیت، چونکە تۆ وەکو من نیت، تۆ کەسێکیت کە خەڵکی شوێنت ئەکەون، وە خەڵکی هەموو ملیان بۆ تۆ بەرز کردووەتەوە - واتە چاوەڕێی ئەوەن

بزانن تۆ ئەڵێیت چی - جا لە الله بترسە و جێگیر بە لەسەر دینی الله، یان هەندێ قسەی لەوجۆرە) .

أبو عبدالله وتی : (سەرسام بووم بەو ورە بەرزکردنەوە و ئامۆژگاریەی کردمی) .

پاشان أبو عبدالله وتی : (تەماشاکە الله بە چ شتێک کۆتایی بە تەمەنی هێنا، محمد بن نوح بەردەوام بەو شێوەیە بوو، نەخۆش کەوت هەتا وای لێهات لەسەر ڕێگە مرد، منیش نوێژم لەسەر کرد و خستمە گۆڕەوە) .

وە أبو عبدالله وتی : (لە الله ئەپاڕامەوە سەروچاوی المأمون نەبینم، چونکە پێم گەیشتبوو ئەیوت : ئەگەر أحمد بکەوێتە بەرچاوم لەت لەتی ئەکەم) .

أبو عبدالله وتی : (جا کە گەیشتینە طرسوس چەند ڕۆژێک لەوێ ماینەوە، لەناکاو پیاوێک هاتە ژوورەوە وتی ئەی أبو عبدالله ئەو پیاوە واتە المأمون مرد، منیش سوپاس و ستایشی الله م کرد) .

: لە میحنەکەدا ئیمام احمد و محمد بن نوح نەیانوت قورئان مخلوق ە، جا المأمون لعنه الله فەرمانی کرد بەوەی بیانهێنن بۆلای، لە ڕێگەدا محمد بن نوح رحمه الله تعالى وەفات ئەکات، جا ئیمام احمد خۆی بە تەنها ئەمێنێتەوە .

٤ - حنبل ئەڵێت :

أبو عبدالله وتی : (بیرم لە بارودۆخی خۆمان کردەوە بۆم دەرکەوت کە حاڵی ئێمە وەکو حاڵی حجر و هاوەڵانیەتی کاتێک دەرکران و زنجیر کرایە دەست و پێیان، نمونەی ئێمە وەکو نمونەی ئەوانە) .

پاشان وتی : (ئەوان ئینکاریان لە شتێک کرد، بەڵام ئێمە بانگکراین بۆ کافربوون بە الله) .

- (حاڵی حجر و هاوەڵانیەتی) : حجر هاوەڵێکە کە نەهی لە شتێکی خراپ کردووە و دوای ئەوە گیران و زنجیر کرایە دەست و پێیان .

- (ئێمە بانگکراین بۆ کافربوون بە الله) : واتە بۆ وتنی قورئان مخلوق ە .

٥ - حنبل ئەڵێت :

باوکم وتی : چوومە لای أبو عبدالله - لە سجن - ، وە ئەو شتەم پێبوو خۆی پێ دائەپۆشت، پێم وت : ئەی أبا عبدالله، هاوەڵانت وەڵامیان دایەوە، وە تۆش لە نێوان خۆت و الله دا عوزرت هەیە، خەڵکی و هاوەڵانت وەڵامیان دایەوە بەس تۆیت کە لە سجن و ناخۆشیدایت .

جا پێی وتم : (ئەی مامە، ئەگەر زانا بە توقیە وەڵامی دایەوە و جاهیلیش بە نەزانی خۆی وەڵامی دایەوە، ئەی کەی حەقەکە دەربکەوێت؟) .

- (توقیە) : واتە شتێک نەڵێیت کە عەقیدەت لەسەریەتی، بەڵکو شتێکی تر بڵێیت بۆ پاراستنی خۆت .

٦ - (ئیمام أحمد موناقەشە لەگەڵ جەهمیەکدا ئەکات کە پەیامبەری المعتصم خەلیفەی ئەو کاتەیە و ئەڵێت : -)

- پرسیارم لێکرد دەربارەی زانستی الله چییە؟

- وتی : زانستی الله مخلوق ە .

- پێم وت : کافر بوویت بە الله ی گەورە ئەی کافر .

- پەیامبەرەکەی تری أبو إسحاق - واتە المعتصم - پێی وتم : ئەوە پەیامبەری پێشەوای ئیماندارانە .

منیش وتم : ئەمە کافر بووە بە الله .

٧ - (- وەڵامی گومانێک جەهمیەکان لەلایەن دوو ئیمامی ئەهلی سوننەوە -)

- کاتێک ئیمام أحمد لەگەڵ جەهمیەکاندا موناقەشە ئەکات یەکێک لە جەهمیەکان پێی ئەڵێت : ﴿مَا يَأْتِيهِم مِّن ذِكْرٍ مِّن رَّبِّهِم مُّحْدَثٍ﴾ (الأنبياء : ٢) مەگەر محدث مخلوق نییە؟

ئیمام أحمد پێی ئەڵێت : الله عز وجل ئەفەرمووێت : ﴿ص ج وَالْقُرْآنِ ذِي الذِّكْرِ﴾ (ص : ١)، الذِّكْرِ قورئانە، ئەوەی تر - واتە ئەوەی ئایەتی دووەمی سورەتی الأنبياء - نە ئەلف ی پێوەیە نە لام .

ئیمام أحمد لە شوێنێکی تر ئەڵێت : | ذِكْرٍ | (الأنبياء : ٢) نەکیرەیە، ئەکرێت مەبەستی ذیکری گشتی بێت، وە | الذِّكْرِ | مەعریفەیە، مەبەست پێی قورئانە .

: بۆ زیاتر تێگەیشتن لە بابەتەکە ئەم ڕوونکردنەوەیە بخوێننەوە :

لەم بابەتەدا دوو شت هەیە :

١ - ئایا مەبەست لە وشەی | ذِكْرٍ | (الأنبياء : ٢) چییە؟

٢ - ئایا مەبەست لە وشەی | مُّحْدَثٍ | (الأنبياء : ٢) چییە؟

جەهمیەکان لێرەدا دێن بەڵگە بە ئایەتێکی موتەشابیھ ئەهێننەوە و بەو شێوەیە تەئویلی ئەکەن کە خۆیان ئەیانەوێت، دێن ئەڵێن وشەی | ذِكْرٍ | (الأنبياء : ٢) واتا قورئان، مەبەستی جەهمیەکان لەمە ئەوەیە بەحساب بەڵگە بھێننەوە لە قورئان بەوەی کە قورئان والعیاذ باللّٰه مخلوق ە، ئەڵێن | ذِكْرٍ | (الأنبياء : ٢) واتە قورئان، وە | مُّحْدَثٍ | (الأنبياء : ٢) واتە مخلوق، کەواتە قورئان مخلوق ە !

بێگومان ئەگەر ئایەتێکی ڕوون و ئاشکرایان بەدەستەوە بووایە نەئەهاتن بەڵگە بە ئایەتی موتەشابیھ بھێننەوە و بەو شێوەیە تەفسیری بکەن کە خۆیان ئەیانەوێت .

مەبەست لە وەڵامەکەی ئیمام أحمد ئەوەیە : ئێوە بە چ حەقێک هاتوون وشەی | **ذِكْرٍ** | (الأنبياء : ٢) کە نەکیرەکە ئەڵێن واتا قورئان، نەکیرە واتا دیار نییە مەبەست پێی چییە و ناسراو نییە، ئێوە بە چ بەڵگەیەک هاتوون ئەڵێن بە مانای قورئان دێت؟

بەڵکو ئەگەر مەبەست پێی قورئان بێت ئەوە بە شێوەی نەکیرە نەئەهات بەڵکو بە شێوەی مەعریفە ئەهات وەک چۆن لێرەدا هاتووە | **وَالْقُرْآنِ ذِي الذِّكْرِ** | (ص : ١) .

کەواتە هیچ بەڵگەیەکتان لەلا نییە کە وشەی | **ذِكْرٍ** | (الأنبياء : ٢) بەمانای قورئان بێت هەتا بیکەن بە بەڵگە بۆ سەرخستنی عەقیدە کوفریەکەتان .

ئەمە وەڵامی ئیمام أحمد بوو، بە کورتی وتی کە | **ذِكْرٍ** | (الأنبياء : ٢) بە مانای قورئان نایەت .

- ئەی باشە ئەگەر بڵێین بە مانای قورئان دێت، ئایا وشەی | **مُّحْدَثٍ** | (الأنبياء : ٢) بە مانای مخلوق دێت؟ ئەمجارە ئیمام إسحاق بن راهويە وەڵام ئەداتەوە

٣٦٤ - حرب ئەڵێت گوێم لە إسحاق بوو ئەیوت : هەرکەسێک بڵێت : قورئان نوێیە و تازەیە (محدث)، لەسەر ئەو مانایەی کە درووستکراوە، ئەوا کافرە بە الله تعالى .

وتم : مانای ئەو وتەی الله تعالى كە فەرموویەتی : | **مَا يَأْتِيهِم مِّن ذِكْرٍ مِّن رَّبِّهِم مُّحْدَثٍ** | (الأنبياء : ٢) ؟

وتی : تازەیە لە عەرشەوە، دواهەمین کتێبە کە لەعەرشەوە دابەزی .

پاشان لێم پرسیەوە وتی : نوێترین کتێب لەلای الله ـەوە .

كتاب السنة لـ حرب الكرماني

مەبەست لە وەڵامەکەی ئیمام إسحاق ئەوەیە ئەگەر وادابنێین وشەی | **ذِكْرٍ** | (الأنبياء : ٢) بەمانای قورئان بێت ئەوە وشەی | **مُّحْدَثٍ** | (الأنبياء : ٢) بە مانای مخلوق نایەت، بەڵکو بە مانای تازەترین یان نوێترین کتێب دێت کە لەلایەن الله عز وجل ـەوە دابەزیوە .

هەموومان ئەزانین کە تەورات و زەبوور و ئینجیل و قورئان کەلامی الله تعالى ن، هیچیان مخلوق نین، وە هەندێکیان لە هەندێکی تریان زووتر لەلایەن جبیرل ـەوە هێنراونەتە سەرزەوی بۆ پێغەمبەران علیهم السلام، واتە هەندێکیان بە نسبەت ئێمەوە لە هەندێکی تریان نوێتر و تازەترن، ئەمەیە واتای وشەی | **مُّحْدَثٍ** | (الأنبياء : ٢) لە ئایەتەکەدا، والله أعلم

٨ - (- لە کاتی موناقەشەکردنی ئیمام أحمد لەگەڵ جەهمیەکاندا المعتصم بە عبدالرحمن بن إسحاق ئەڵێت : -)

ئەی عبدالرحمن ئایا پێم نەوتیت ئەم میحنەیە کۆتایی پێ بهێنیت و هەڵیبگریت؟

أبو عبدالله - ئیمام أحمد - وتی : (لە دڵی خۆمدا وتم الله أكبر، ئەمە ڕزگاربوونی موسوڵمانانی تێدایە) .

پاشان - المعتصم - وتی : موناقەشەی لەگەڵ بکەن، قسەی لەگەڵ بکەن، عبدالرحمن قسەی لەگەڵ بکە .

عبدالرحمن وتی : چی ئەڵێیت دەربارەی قورئان؟

- ئیمام أحمد وتی - : (وەڵامم نەدایەوە) .

پاشان إبن أبي دؤاد بە عبدالرحمن ی وت : قسەی لەگەڵ بکە .

عبدالرحمن لێی پرسیم وتی : چی ئەڵێیت دەربارەی قورئان .

أبو إسحاق - المعتصم - پێی وتم : وەڵامی بدەرەوە .

- ئیمام أحمد ئەڵێت - پێم وت : (چی ئەڵێیت دەربارەی عیلمی الله؟) .

جا بێدەنگ بوو .

پاش ئەوە بە عبدالرحمن م وت : (قورئان لە عیلمی الله تعالی یە، وە هەر کەسێک پێی وابێت عیلمی الله مخلوق ە ئەوە کافرە) .

- ئیمام أحمد ئەڵێت - : (عبدالرحمن بێدەنگ بوو، هیچ وەڵامێکی نەدامەوە) .

جا لە نێوان خۆیاندا وتیان - واتە جەهمیەکان - : ئەی ئەمیری ئیمانداران، ئێمە و تۆ یشی تەکفیر کرد) .

٩ - (- پاشان ئیمام أحمد بە المعتصم ئەڵێت : -)

(هیچ شتێکیان لە کتێبی الله و سوننەتی رسول الله ﷺ پێنەدام هەتا منیش بیلێمەوە) وە بە إبن أبي دؤاد ئەڵێت (ئایا لەم بابەتەدا بەڵگەی قورئان یان سوننەتت لەلایە؟) .

إبن أبي دؤاد پێی وتم : بۆ تۆ تەنها ئەوە ئەڵێیت کە لە کتێبی الله و سوننەتی پێغەمبەرەکەیدا هاتووە؟

پێم وت - واتە ئیمام أحمد - : (بۆ مەگەر ئیسلام تەنها بە ئیسلام و سوننەت جێگیر نابێت؟!) .

پاشان پێم وت : (تۆ ڕەئێکت داهێناوە و تەئویلت بۆی کردووە و خەڵکیش بانگ ئەکەیت بۆلای!) .

جا بێدەنگ بوو .

١٠ - حنبل بن إسحاق ئەڵێت :

وە گوێم لە أبو عبدالله بوو وتی : (هەرچی برغوث و شعیب ە هەوڵی کوشتنیاندام، وە پێیان وت - واتە بە العتصم - : لە ملی بدە، وە خوێنەکەی لە ملی ئێمە، وە لەو کۆمەڵەیەدا لەوان کافرتر و خراپتری تێدا نەبوو) .

١١ - (- ئیمام أحمد رحمه الله فەرموودەی سەحیحی زۆر لەدژیان ئەهێنێتەوە، بەڵام جەهمیەکان هەر قبووڵی ناکەن و بە بیانوویەک ڕەتی ئەکەنەوە، جا ئیمام أحمد پێیان ئەڵێت : -)

(ئێوە فەرموودەکان ڕەت ئەکەنەوە بەبیانوی ئەوەی سەنەدەکانی ئیختیلافی تێدایە، وە زەعیف ن و ڕاویەکان وەهم یان هەبووە، وە ئەمە قورئانە کە ئێمە و ئێوەش کۆدەنگین لەسەری، وە ئەهلی قیبلە هیچ ڕاجیاوازیەکیان لەسەری نییە و ئیجماع ە .

الله لە کتێبەکەیدا بۆ بەڕاستخستنەوەی قسەی ئیبراهیم، نەک بۆ ڕەتکردنەوە یان ئینکاری کردنی ئەفەرمووێت :

| إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ يَٰٓأَبَتِ لِمَ تَعْبُدُ مَا لَا يَسْمَعُ وَلَا يُبْصِرُ : کاتێک بە باوکی وت بۆچی ئەوە ئەپەرستیت کە نابینێت و نابیستێت؟ | (مَريَم : ٤٢) .

- ئیمام أحمد ئەڵێت - : ئیبراهیم ڕەخنەی لە باوکی گرت چونکە ئەوەی ئەیپەرستێت نابینێت و نابیستێت، بەڵام ئەمە لەلای ئێوە مونکەر و ڕەتکراوەیە!

- جەهمیەکان - وتیان : ئەی پێشەوای ئیمانداران تەشبیهی کرد .

- ئیمام أحمد ئەڵێت - وتم : وە ئەمەش بەسەرهاتی موسی یە، الله لەبارەی موسی وە ئەفەرمووێت :

| وَكَلَّمَ اللَّهُ مُوسَىٰ | (النساء : ١٦٤) .

الله ئەوەی جێگیر کرد کە قسەی لەگەڵ موسی دا کردووە، ئەمەش ڕێزێکە بۆ موسی، پاشان ئەفەرمووێت :

| تَكْلِيمًا | (النساء : ١٦٤) .

ئەمەش جەختکردنەوەیەکە بۆ قسەکردنەکە .

وە اللہ لە کتێبەکەیدا ئەفەرمووێت :

| يَٰمُوسَىٰٓ : ئەی موسى | (طه : ١١) .

| إِنَّنِيٓ أَنَا ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ : من اللہ م هیچ پەرستراوێک جگە لە من نییە | (طه : ١٤) .

ئەمە رەت ئەکەنەوە؟ ئایا پیتی یاء ی | إِنَّنِيٓ | ئەگەڕێتەوە بۆ بێجگە لە اللہ؟ وە ئایا مخلوق ێک لەجیاتی اللہ عز وجل بانگەشەی پەروەردگارێتی ئەکات؟

١٢ - (- ئیمام أحمد لەکاتی موناقەشەکردن لەگەڵ جەهمیەکاندا ئەڵێت : -)

وتم بە عبدالرحمن : (قورئان لە عیلم ی اللہ یە، هەر کەسێکیش وا گومان ببات عیلمی اللہ مخلوق ە ئەوە کافرە) .

جا عبدالرحمن بێدەنگ بوو هیچی وەڵام نەدامەوە .

لەنێوان خۆیاندا وتیان : ئەی پێشەوای ئیمانداران ئێمە و تۆشی تەکفیر کرد .

١٢ - حنبل ئەڵێت :

گوێم لە مامەم بوو عبدالله بن حنبل وتی : وتم بە أبي عبدالله : ئەی أبا عبدالله لە سجن بۆ چ شتێک بانگ کران؟

وتی : (بانگکراین بۆ کافربوون بەرامبەر الله) .

١٣ - (- دوای هاتنەدەرەوە ئیمام أحمد لە سجن بەهۆی زۆری برینەکانیەوە تەداوی بۆ ئەکرێت : -)

حنبل ئەڵێت :

(کاتێک ویستمان چارەسەری بکەین، ترساین إبن أبي دؤاد بەدزیەوە ژەهرێک بکاتە ناو دەرمانەکەیەوە کە بیکوژێت، لەبەر ئەوەی دەرمان و مەڵهەممان لەماڵەوە دروست کرد لەناو قاپێکدا لای خۆمان، جا کاتێک پزیشک ئەهات بۆ چارەسەرکردنی هەموومان لەگەڵی ئامادە ئەبووین لەناو ئەوەدا چارەسەری ئەکرد، پاشان کە تەواو ئەبوو - قاپەکەمان - هەڵئەگرت .

لەبەر لێدان هەندێک گۆشتی مردبوو، بۆیە بە چەقۆ بڕیەوە .

ئەگەر خوێنیش زۆر ئازاری بۆ بهێنایە لە هەر کاتێکدا بانگی ئەو کەسەی ئەکرد کە کەڵەشاخ ئەگرێت، خوێنی لێ دەرئەکرد هەتا شوێنی لێدانەکانی شانی ئارام ئەبوونەوە و ئازاریان نەئەما) .

١٤ - حنبل وتی :

أبو عبدالله وتی : الله عز وجل ئەفەرمووێت : ﴿ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ : بێجگە لەو کەسەی زۆری لێ بکرێت و دڵی پڕ بێت لە ئیمان ﴾ (النحل : ١٠٦) .

أبو عبدالله وتی : زۆرلێکردن - ئیکراه - لای من بریتیە لە تووشبوون بە سزا و لێدان و بەستنەوە، ئەگەر تووشی سزا بوو ئەوە زۆرلێکراوە، بەڵام هەڕەشەکردن، ئەڵێن کە زۆرلێکردنە، بەڵام من پێم وا نییە هەتا تووشی سزا نەبێت لە لێدان و بەستنەوە .

حنبل ئەڵێت پێم وت : ئایا سجن کردن زۆرلێکردنە؟

وتی : لێدان زۆر لێکردنە و بەستنەوە زۆر لێکردنە، بەڵام ئەگەر تەنها هەڕەشەی لێ بکەن بڵێن فلانە شتت لێ ئەکەین ئەوە زۆرلێکردن نییە هەتا لێی ئەدرێت. هاوەڵانی رسول الله ﷺ عمار و

بیلال و ئەوانەی تر لەگەڵیاندا بوون تووشی سزادان و لێدان و برسیکردن و هێڵانەوە لەبەر خۆر بوون، جا رسول الله ﷺ مۆڵەتی پێدان ئەوەیان بدەنێ کە ئەیانەوێت - واتە وەڵامی موشریکەکان بدەنەوە بەوەی کە موشریکەکان ئەیانەوێت - ئەگەر ڕووبەڕووی سزا بوونەوە، بەڵام بێجگە لەوەم پێ باش نییە، وە پێم وایە - زۆرلێکردن - تەنها لەوەدایە .

- حنبل وتی : أبو عبدالله ئەم فەرموودەیانەی لەبارەی ئەوانەی کە زۆریان لێکراوە پێ وتم و منیش نووسیمنەوە :

١٥ - حدثني أبو عبدالله، قال حدثنا جرير، قال حدثنا منصور عن مجاهد قال : (یەکەمین ئەو کەسانەی ئیسلامەتی خۆیان دەرخست حەوت کەس بوون : رسول الله ﷺ و، أبو بكر و، بلال و، صهيب و، عمار و، سمية ی دایکی عمار، رسول الله ﷺ مامی پاراستی، وە أبو بكر هۆزەکەی پاراستی، ئەوانەی تر گیران، قەڵغانی ئاسنینیان لەبەر کرا، پاشان لەبەر خۆردا هێڵانیانەوە هەتا نارەحەتیەکەیان زۆر بوو، جا ئەوەیان پێدان کە داوایان ئەکرد - واتە لەژێر زۆرلێکردندا ئەوەیان وت کە موشریکەکان ویستیان بەزۆر

پێیان بڵێن - هۆزی هەریەکێکیان بە پێستەی پڕ لە ئاوەوە ئەهاتن و ئەیانخستنە ناوی و ئەمسەر و ئەوسەری پێستەکەیان ئەگرت و هەڵیان ئەگرتن - واتە دوای ئەوەی موشریکەکان ئازاریان ئەدان کەسوکاریان ئەهاتن و ئەیانبردنەوە - ، تەنها بلال نەبێت، کاتی ئێوارە أبو جهل هات و جوێنی بە سمية دا، پاشان بریندارى کرد و کوشتی، ئەو یەکەم شەهید بوو لە ئیسلامدا، بەڵام بلال نەفسی خۆی هێندە بە کەم دانا لەپێناو الله دا هەتا وای لێهات جەستەیان لار کرد، پەتێکیان ئەکردە ملی و پاشان فەرمانیان بە منداڵەکانیان ئەکرد بە توندی هەتا ئەوسەری مەککە ڕایبکێشن، ئەو هێشتا ئەیوت : أَحَدٌ أَحَدٌ .

: ئەو هاوەڵانە رضي الله عنهم لەبەر ئەوەی لەلایەن موشریکەکانەوە و سزا دران و بەسترانەوە ئەگەر وەڵامی کافرەکان بدەنەوە بەوەی کە کافرەکان ئەیانەوێت ئەوە بە زۆر لێکردن و ئیکراه بۆیان هەژمارە، بەڵام هەمیشە عەزیمەت وەرگرتن فەزڵی زیاترە وەک چۆن هاوەڵی بەڕێز بلال بن رباح وەڵامی نەدانەوە لەکاتێکدا توندترین ئازار ئەدرا، وە لە سەردەمی خۆیدا ئیمام أحمد یش وەڵامی جەهمەکانی نەدایەوە .

١٦ - حدثني أبو عبدالله، قال حدثنا جرير، قال المغيرة عن الشعبي : ئەوەیان پێدان کە داوایان ئەکرد تەنها خباب نەبێت، جا بەردی گەرمەوەبووی سەرزەویان ئەخستە سەر پشتی هەتا پشتی وشک بوویەوە .

١٧ - حدثني أبو عبدالله، قال حدثني روح، قال حدثني هشام عن محمد قال : موشریکەکان عمار بن یاسر یان گرت و بردیان، ویستان شیرکی پێ ئەنجام بدەن، جا شیرکی کرد، کاتێک رسول الله ﷺ گەیشتە لای ئەگریا، فرمێسکەکانی چاوانی سڕی و فەرمووی : (موشریکەکان بردیانیت، هەڵیانکێشایت لە ئاو، وە فەرمانیان پێ کردیت شیرک بکەیت، تۆش کردت، ئەگەر دووبارە بردیانیتەوە ئەوە هەمان کار بکەرەوە) .

١٨ - حدثني أبو عبدالله، قال حدثنا روح، قال حدثنا المبارك عن الحسن : قوله | إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ | قال : تەنها ئەوانە نەبێت کە زۆریان لێکراوە لەسەر کوفر کردن و لە دڵەوە ئیماندارن .

١٩ - حدثني أبو عبدالله، قال حدثني يحيي بن أبي بكير، قال حدثنا زائدة عن عاصم بن أبي نجود عن زر عن عبدالله بن مسعود قال : یەکەمین ئەو کەسانەی موسوڵمانبوونی خۆیان دەرخست حەوت کەس بوون : رسول الله ﷺ و، أبو بكر و، عمار و، سمية و، صهيب و، بلال و، المقداد، رسول الله ﷺ الله پاراستی بە مامەی، وە أبو بكر الله پاراستی بە هۆزەکەی، بەڵام ئەوانەی تر موشریکەکان گرتیانن، قەڵغانی ئاسنینیان لەبەر کردن و لەبەر گەرمای خۆردا دایانن، هەموویان ئەوەیان پێدان کە داوایان ئەکرد تەنها بلال نەبێت، ئەو نەفسی خۆی بە کەم دانا لەپێناو الله، جا درا بە منداڵان و بە دۆڵەکانی مەککەدا ئەیانگێڕا و ئەیوت : أَحَدٌ أَحَدٌ .

٢٠ - حدثني أبو عبدالله، قال حدثنا وكيع، قال حدثنا إسرائيل عن جابر عن الحكم ﴿ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ ﴾ قال : ئەمە دەربارەی عمار بن ياسر دابەزی .

٢١ - حدثني أبو عبدالله، قال حدثنا هشيم، قال أخبرنا حصين عن أبي مالك : قوله | إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ | : ئەمە دەربارەی عمار بن ياسر دابەزی .

٢٢ - حنبل ئەڵێت :

لەگەڵ أبا عبدالله أحمد و يحيى بن معين ئامادەبووم لەلای عفان دوای ئەوەی إسحاق بن إبراهيم بانگی کرد بۆ میحنە - واتە بۆ وتنی قورئان مخلوق ە - ، وە عفان یەکەم کەس بوو تاقی کرایەوە، يحيى بن معين لە بەیانی ئەو ڕۆژەی لە تاقی کرایەوە لێی پرسی بە ئامادەبوونی أبو عبدالله و ئێمەشی لەگەڵ بووین .

يحيى پێی وت : ئەی أبا عثمان، پێمان بڵێ إسحاق بن إبراهيم چیی پێ وتیت و تۆش چیت وەڵام دایەوە؟

عفان بە يحيى ی وت : ئەی أبا زكريا، ڕووی تۆ و هاوەڵانتم ڕەش نەکرد .

حنبل ئەڵێت : مەبەستی ئەوە بوو کە وەڵامی نەداوەتەوە - واتە نەیوتووە قورئان مخلوق ە - .

پێی وت : چۆن بوو شتەکە؟

وتی : إسحاق بن إبراهيم بانگی کردم، کاتێک ڕۆشتمە ژوورەوە بۆ لای ئەو نامەیەی دەرکرد کە المأمون بۆی ناردبوو لە الجزيرة ـەوە بۆ الرقة، ئەوەی تێدا بوو : (عفان تاقی بکەرەوە، بانگهێشتی بکە بۆ ئەوەی بڵێت قورئان ئاوا و ئاوایە، ئەگەر وای وت ئەوە وازی لێ بهێنە با وەکو خۆی بێت، ئەگەر بەو شێوەیەش وەڵامی نەدایتەوە کە بۆم نووسیویت، ئەو پارەیەی لێ ببڕە کە پێی ئەدرێت)، وە المأمون هەموو مانگێک پێنجسەد درهەمی ئەدا بە عفان .

عفان وتی : کاتێک نامەکەی بەسەردا خوێندمەوە إسحاق بن إبراهيم وتی : ئەڵێیت چی؟

منیش ئەمەم بەسەردا خوێندەوە | ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ (١) ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ﴾ | هەتا تەواوم کرد، وتم : ئایا ئەمە مخلوق ـە؟

إسحاق بن إبراهيم وتی : ئەی شێخ، پێشەوای ئیمانداران ئەڵێت : ئەگەر وەڵامی نەدەیتەوە بەوەی بانگی ئەکات بۆی ئەوە ئەو پارەیەت لێ ئەگرێتەوە کە پێتی ئەدا، ئەگەر پێشەوای ئیمانداران لێت بگرێتەوە ئێمەش لێت ئەگرینەوە .

وتم الله عز وجل ئەفەرمووێت : ﴿ وَفِى ٱلسَّمَآءِ رِزۡقُكُمۡ وَمَا تُوعَدُونَ ﴾ .

إسحاق بێدەنگ بوو و منیش بەجێمهێشت .

حنبل ئەڵێت : أبو عبدالله و یحیی بن معین و ئەو هاوەڵانەمان کە لەوێ بوون دڵیان بەوە خۆش بوو .

٢٣ - حنبل بن إسحاق ئەڵێت :

(کاتێک دۆخەکە لەسەر خەڵکی بەغداد قورس بوو و قازیەکان میحنەکەیان ئاشکراکرد - واتە میحنەکە کەوتە ناو خەڵکیش - ، وە فضل الأنماطي و أبي صالح و ژنەکانیان لەیەکتر جیاکرانەوە أبو عبدالله - ئیمام أحمد - ئامادە ئەبوو لە نوێژی جومعە پاشان کە ئەگەڕایەوە بۆ ماڵ نوێژەکەی ئەگێڕایەوە، وە ئەیوت : (ئامادەبوون لە نوێژی جومعە لەبەر فەزڵەکەیەتی، وە نوێژ ئەگێڕدرێتەوە لەدوای هەر کەسێک کە ئەم قسەیە بکات - واتە بڵێت قورئان مخلوق ە -) .

٢٤ - حنبل بن إسحاق ئەڵێت :

(أبو عبدالله هەتا ئەوكاتەی كە خۆی شاردەوە لە سەردەمی الواثق دا لە نوێژی جومعە ئامادە ئەبوو، پاشان كە ئەگەڕایەوە بۆ ماڵ نوێژەكەی ئەگێڕایەوە، بەڵام لە سەردەمی المتوكل دا ئامادە ئەبوو لە نوێژی جومعە و نوێژەكەی نەئەگێڕایەوە) .

٢٥ - حنبل بن إسحاق ئەڵێت :

(گوێم لێبوو يعقوب بن الدورقي پرسیاری لە أبو عبدالله كرد : (ئەی أبا عبدالله، چی ئەڵێیت دەربارەی نوێژكردن لەدوای ئەو كەسەی كە ئەم قسەیە ئەكات - واتە : ئەوەی ئەڵێت قورئان مخلوق ە - ؟) .

أبو عبدالله وتی : (ئەگەر ئەو كەسەی كە پێشنوێژی ئەكرد ئەم قسەیەی نەئەكرد ئەوە نوێژ ناگێڕمەوە، وە جومعەش هەر ئەبێت تێیدا ئامادە بیت، ئەگەر لەوانە بوو كە ئەم قسەیەی ئەكرد ئەوە نوێژ ئەگێڕمەوە، وە واز لە نوێژی جومعە ناهێنرێت لە هیچ حاڵێكدا) .

أبو عبدالله لە سەردەمی الواثق دا ئەهات بۆ نوێژی جومعە، وە یەکێک لە منداڵەکانی عیسی بن جعفر پێشنوێژی بۆ ئەکردین، وترا بە أبو عبدالله : (ئەمە ئەو قسەیە ئەکات - واتە ئەڵێت قورئان مخلوق ە -)، ئیتر أبو عبدالله نوێژی ئەگێڕایەوە، پاشان کەسێکی تر پێشنوێژی ئەکرد کە نازناوێکی هەبوو، أبو عبدالله نوێژی ئەگێڕایەوە هەتا المتوكل دەسەڵاتی گرتە دەست و میحنەکەی هەڵگرت، پاش ئەوە نوێژی نەئەگێڕایەوە .

٢٦ - حنبل بن إسحاق ئەڵێت :

(کاتێک لە سەردەمی الواثق دا بووین، لەو حاڵەتە ناخۆش و توندەدا، وە لەو حاڵەی خەڵکی لەلایەن ئەووەوە بەسەریان هاتبوو لە تاریکی شەودا یعقوب بن بحر بە نامەی إسحاق بن إبراهیم ەوە هات، چوویە ژوورەوە بۆلای أبو عبدالله و پێی وت : (ئەمیر إسحاق بن إبراهیم پێت ئەڵێت : (پێشەوای ئیمانداران باسی تۆی کرد وتی : با هیچ کەسێکت لا کۆ نەبێتەوە، وە با کەس نەیەت بۆ لات، وە لە زەوی و شارێک نیشتەجێ مەبە کە منی تێدام، بڕۆ بۆ هەرشوێنێک ئەتەوێت لە زەوی الله) .

پاش ئەوە أبو عبدالله هەتا کۆتایی ژیان و ویلایەتی الواثق خۆی حەشاردا، ئەوە فیتنە و تاقیکردنەوە بوو، وە أحمد بن نصر بن المالک کوژرا، أبو عبدالله خۆی حەشاردا لە نزیک ماڵی خۆیان - واتە لە ماڵی أبي محمد فوران - پاشان دوای ساڵێک یان چەند مانگێک هاتەوە بۆ ماڵی خۆی کاتێک باسوخواسی کپ بوویەوە، هەر لە ماڵەوە بوو بۆ نوێژ و بێجگە لە نوێژ دەرنەئەچوو هەتا الواثق بەهیلاککچوو) .

پاشان جعفر المتوکل ویلایەتی گرتە دەست، پاش ئەوی ویلایەتی گرتە دەست ئەو ناخۆشیەی لابرد لەسەر موسوڵمانان، وە الله سوننەتی سەرخست و خەڵکی ڕزگار کرد، جا أبو عبدالله قسەی لەگەڵ ئەکردین و فەرموودەی بۆ هاوەڵانی ئەگێڕایەوە لە سەرەتای ڕۆژانی المتوکل دا، وە گوێم لێبوو ئەیوت : (نەبووە خەڵکی زیاتر پێویستی بە فەرموودە و زانست هەبێت لەم ڕۆژگارەی خۆمان)

.

٢٧ - (- المتوکل پارە بۆ ئیمام أحمد ئەنێرێت بە یعقوب ی نێردەیدا، ئیمام أحمد پارەکە قبووڵ ناکات و ئەڵێت پێویستیم پێی نییە، پاش ئەوە حنبل ئەیگێڕێتەوە : -)

یعقوب پێی وت : ئەی أبو عبدالله، ئەوە لە پێشەوای ئیمانداران قبووڵ بکە کە فەرمانی پێ کردوویت، ئەمە لەلای ئەو باشترە بۆت .

پێی وت : ئەی أبو عبدالله، وەری بگرە و ڕەتی مەکەرەوە، ئەگەر ڕەتی بکەیتەوە ئەترسم گومانی خراپت پێ ببات، وەری بگرە و لەوەدا خەرجی بکە کە خۆت ئەتەوێت .

ئەوکات قبووڵی کرد .

کاتێک یعقوب چووە دەرەوە أبو عبدالله پێی وتم : (ئەی أبو علي) .

وتم : لە خزمەتدام .

وتی : (ئەو گۆزەیە بەرز بکەرەوە)، لە ژوورەکەدا گۆزەیەکی لێبوو و بەرزم کردەوە .

وتی : (لەژێری دایبنێ)، منیش لەژێری دامنا .

پاشان أبو عبدالله مان جێهێشت، ماوەی شەو و ڕۆژێک پارەکەی لەژێر گۆزەکەدا جێهێشت .

شەو دایکی منداڵەکانی أبو عبدالله تەقەی ئەدا لەو دیوارەی کە لە نێوان ئێمە و ئەودا بوو .

پێم وت : چی بووە؟

وتی : مەولاکەم داوای مامی ئەکات .

جا بە باوکم وت و هەمووومان پێکەوە چووین بۆلای لە نیوە شەودا .

وتی : (مامە ئەمشەو خەوم لێ نەکەوتووە !) .

باوکم پێی وت : (بۆچی؟)

وتی : (لەبەر ئەو پارەیەی لامە) .

پێی ناخۆش بوو وەریگرتبوو، باوکم دڵی ئەدایەوە و قسەی بۆ ئەکرد و ئارامی ئەکردەوە و پێی وت : (با بەیانی بێتەوە بزانین چی ئەڵێیت دەربارەی، ئێستا شەوە و خەڵکی لە ماڵەوەن، با بەیانی بێت إن شاء الله بڕیار بدە کە چیی لێ ئەکەیت) .

بێدەنگ بوو و ئێمەش بەجێمان هێشت .

کاتێک خۆر هەڵهات ناردی بەدوای عبدوس بن مالک و حسن بن البزار و ئامادە بوون، کۆمەڵەیەکی تریش ئامادە بوون هارون

الحمال و أحمد بن منيع و إبن الدورقي و بێجگە لەوانیشیان تێدا بوو، من و باوکم و صالح و عبدالله ش ئامادە بووین، ناوی ئەو کەسانەمان ئەنووسی کە بە ئەهلی چاکە و ئیسلاح ئەناسرێن لە بەغداد و کوفە و شوێنانی تر .

لە پارەکەی نارد بۆ أبي سعيد الأشج و أبي كريب و ئەو زانا ناسراوە باشانەی کە ئەیانزانی موحتاجن، پارەکەی جیا کردەوە لە نێوان پەنجا و سەد و دووسەد درهەمدا، لەناو تورەکەکەدا تەنها یەک درهەمی تێدا مایەوە، پاشان فەرمانی کرد بەوەی ئەو درهەمەش دابەش بکەن بەسەر هەژار و فەقیرەکاندا .

٢٨ - (- پاشان المتوكل فەرمان ئەکات بەوەی ئیمام أحمد بڕوات بۆلای، ئیمام أحمد یش لەگەڵ إسحاق ی مامەی ئەڕۆن بۆلای المتوكل، پێش ئەوەی بڕۆنە لای المتوكل لە خانویەکدا ئەمێننەوە، حنبل لە إسحاق ی باوکیەوە ئەگێڕێتەوە : -)

باوکم وتی : (هەموو ڕۆژێک بە فەرمانی المتوكل سفرەیەکمان بۆ ئەهات، جۆرەها خواردن و میوە و لەگەڵ بەفری لەسەربوو، أبو عبدالله تەنانەت سەیریشی نەئەکرد، وە تامی هیچیانی نەکرد،

وە تێچووی ئەو سفرەیە لە ڕۆژێکدا سەد و بیست درهەم بوو، أبو عبدالله تەنانەت سەیریشی نەکرد) .

٢٩ - (- ئیمام أحمد لەو کاتەدا ئەوەندە وەرعی هەبووە تەنانەت : -)

حنبل لە باوکیەوە ئەگێڕێتەوە :

(نەخۆشیەکەی أبو عبدالله بەردەوام بوو، زۆر لاواز بوو بوو، وە لەسەر یەک بەڕۆژوو ئەبوو، هەشت ڕۆژ بەڕۆژوو بوو نەیئەخوارد و نەیئەخواردەوە - واتە هەشت شەو و ڕۆژ لەسەریەک بەڕۆژوو بووە ڕۆژووەکەی نەشکاندووە -) .

٣٠ - (- پاشان المتوکل مانگانە پارە تەرخان ئەکات بۆ ماڵ و منداڵی ئیمام أحمد و إسحاق ی مامی، إسحاق ی مامی داوای لێ ئەکات ئەوە قبووڵ بکات بەڵام ئیمام أحمد پێی ئەڵێت : -)

(ئەی مامە، چی ماوەتەوە لە تەمەنمان ؟! وەک بڵێیت ڕازیت بەو شتە، الله الله، منداڵەکانمان ئەیانەوێت لەڕێگەی ئێمەوە پارە بخۆن، بەڵام - ئەم دنیایە - ڕۆژانێکی کەمە، ئەگەر ئەوەی لە بەندە بە نهێنی هێڵدراوەتەوە بۆی دەربخرێت ئەوە ئەیزانی لەسەر چاکەیە

یان خراپە، تۆزێک سەبرِ پاداشتێکی زۆر بەدوای خۆیدا ئەهێنێت، ئەمە فیتنەیە) .

پاشان ئەڵێت : (چاوەڕێی چی ئەکەین ئێمە؟ ئەوە مردنە! جا یان بۆ بەهەشتە یان بۆ ئاگرە، سەرفرازی بۆ ئەوەی لەسەر خێر ئەڕواتەوە) .

٣١ - حنبل بن إسحاق ئەڵێت :

(پاش ئەوەی نەخۆشیەکەی أبو عبدالله درێژەی کێشا المتوکل إبن ماسویە ی پزیشکی ئەنارد بۆلای، بۆی ڕوون ئەکردەوە کە دەرمانەکان لە چی پێکهاتوون، بەڵام - ئیمام أحمد - چارەسەری وەرنەئەگرت، ڕۆژێک إبن ماسویە ڕۆشت بۆلای المتوکل .

المتوکل پێی وت : (وَیحَک، دەرمانەکان بۆ إبن حنبل باش نەبوو؟) .

إبن ماسویە وتی : (ئەی پێشەوای ئیمانداران، أحمد بن حنبل نەخۆشی و ناساغی لە جەستەیدا نییە، بەڵکو ئەمە بەهۆی کەمخواردن و ڕۆژووگرتن و عیبادەتەوەیە)، پاشان المتوکل بێدەنگ بوو .

٣٢ - حنبل بن إسحاق ئەڵێت :

(دوای ئەوەی أبو عبدالله دەرچوو بۆ العسکر تەنانەت یەک فەرموودەشی بەسەر کەسدا نەئەخوێندەوە، دواتر مۆڵەتی دا کە فەرموودەی بەسەردا بخوێننەوە، جا عبدالله فەرموودەی بەسەردا ئەخوێندەوە .

جا هەر کەسێک بڵێت کە یەک فەرموودەشی لەوەوە گوێ لێبووە دوای ئەوەی - أبو عبدالله - پەیمانی بە الله دا ئەوە درۆی کردووە، وە درۆ و بوختانی بۆ أبو عبدالله هەڵبەستووە .

داوای سەلامەتی لە الله ئەکەین لە دنیا و ئاخیرەتدا .

٣٣ - حنبل بن إسحاق ئەڵێت :

(أبو عبدالله پاش هاتنەوەی لە العسکر بەردەوام دیار بوو ئەڕۆیشت بۆ جومعە و جەماعەت، وە وەڵامی پرسیار ئەدایەوە و و فتوای ئەدا، بەڵام فەرموودەی ڕیوایەت نەئەکرد هەتا ساڵی دووسەد و چل و یەک .

ڕۆژی چوار شەممە ی مانگی ربيع الأول ی ساڵی دووسەد و چل و یەک أبو عبدالله نەخۆش کەوت .

پێش ئەوکاتە شەونوێژی ئەکرد من گوێم لە قورئانخوێندنەکەی لەسەر سەربانەکەمانەوە، جا تووشی لەرز و تا بوو، دوای دوو ڕۆژ نە جوڵە بکات، وە نە گوێم لە قورئانخوێندنەوەکەی بوو لە شەونوێژدا، چووم بۆ لای و پێم وت : (مامە گیان، ئەمشەو گوێم لە قورئانخوێندنەوەکەت نەبوو، وە جوڵەکانیشتم نەبینی) .

وتی : (نەچوومە سەربان، تووشی شتێک بووم بوو بە ڕێگر) .

چەند ڕۆژێک پێش ئەوە منیش نەخۆش بووم، أبو عبدالله سەردانی کردم و دوعای بۆ کردم .

پێم وت : (مامە، ئایا لێم ڕازی نیت؟) .

وتی : (چۆن لێت ڕازی نابم لەکاتێکدا هیچ ئازارێکی منت نەداوە !) .

پاشان دوعای بۆ کردم و بەجێی هێڵام و پاش چەند ڕۆژێک خۆی نەخۆش کەوت .

پاش سێ ڕۆژ سەردانم کرد، پێش نزیکەی پەنجا ڕۆژ لە وەفات کردنی بوو بە خاوەنی منداڵێک ناوی نا سعید، پێش ئەوەش بوو بە خاوەنی منداڵێکی تر ناوی نا محمد، محمد لەکاتی نەخۆشیەکەی أبو عبدالله دا پێی گرتبوو، جا أبو عبدالله دوعای بۆ ئەکرد و لەباوەشی ئەگرت و ماچی ئەکرد .

پاشان پێی وتم : (چی بکەم لە منداڵ لەم تەمەنە گەورەیەمدا ؟!) .

وتم : (مامە، نەوەیەک کە لە دوای خۆت دوعات بۆ بکەن) .

وتی : (وایە)، پاشان سوپاسی الله ی کرد .

نەخۆشیەکەی بەردەوام بوو هەتا ڕۆژی جومعە، دەیەم ڕۆژی نەخۆشیەکەی بوو، وە هەر لەو ڕۆژەدا وەفاتی کرد .

چوومە لای لە سەرەتای ڕۆژدا جومگەکانی لەکار کەوتبوون، بینیم بە دەستەکانی ئاماژە ئەکات، بەرزی ئەکاتەوە وەک چۆن بەرزی ئەکردەوە لە نوێژدا، جار لەدوای جار بەرزی ئەکردەوە، بەو شێوەیە زانیم کە نوێژ ئەکات بەبێ سوجدە و ڕکوع .

ڕۆژی جومعە لەکاتی چێشتەنگاودا وەفاتی کرد .

کاتێک نوێژی جومعەمان کرد خەڵکی کۆبوونەوە، إبن الكردية الهاشمي و أبو العباس إبن موسى الهاشمي و الإمام و هاوشێوەی ئەوان لە هاشمیەکان هاتن، فوران و هاوەڵانی تری أبو عبدالله و خێزانەکانی و منداڵەکانی ئامادە بوون .

إبن الكردية و الإمام (ئەوەی پێشنوێژی بۆ خەڵکی ئەکرد) و صالح و عبدالله شۆردیان، وە ئێمەش پێویستیەکانمان پێ ئەدان و ئاومان ئەکرد بە دەستیاندا . . . پاشان لە کۆتایی ڕۆژی جومعەدا نێژرا .

والحمد لله رب العالمين

داواکارین الله عز وجل ڕەحمەت و ڕازیبوونی خۆی برژێنیت بەسەر شيخ الإسلام أبو عبدالله أحمد بن محمد بن حنبل الشيباني، وە لەگەڵ رسول الله صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و هاوەڵانی حەشری بکات و بیخاتە بەرزترین بەشەکانی بەهەشتەوە، وە هیدایەتی ئێمەش بدات بە تێگەیشتنی ئەو و تەواوی زانا پایەرزەکانی تری سەلەف لە قورئان و سوننەت تێبگەین و شوێنپێیان هەڵبگرین، وە لەسەر ئەوە بمانژیەنێت، بمانمرێنێت وە زیندوومان بکاتەوە، آمين أجمعين .

https://t.me/salafyummat

https://t.me/ktebakany_salaf_kurdy

https://t.me/jami3mutun

https://t.me/salaflibrary

https://t.me/atharisalaf

https://t.me/Ktebxanay_salaf1

https://t.me/imamakany_kufr

https://t.me/Abu7anifa_u_ahliraiy

https://t.me/Hamam_alathari

https://t.me/fergaySU